www.hkkurdistan.org

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

14

25 ی حوزەیران/ جون 2021

# بارودۆخی سیاسی کوردستان و گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوەکان!

## گفتو گۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف



ئۆکتۆبەر: هاوڕێ عوسمان وەکو ئاگادارن بارودۆخی سیاسی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر لەسەر لێواری گۆڕانکاریدایە، کە دیارنیە کام ئاراستە دەگرێتەپێش. لەلایەکەوە سوپای تورکیا بەردەوام لەشکرکێشی دەکات و بەبیانوی بوونی پەکەکەوە لە هەرێمی کوردستان دەیان بنکەی سەربازی دامەزراندووە و هەرئێستاش ئامادەسازی بۆ شەڕێک دەکرێت لەنێوان پارتی و پەکەکەدا و بەجۆرێک سەرەتاکانی دەستی پێکردووە. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم گیرۆدەی قەیرانی سیاسی و ئابوری بووەو دووهێزی سەرەکی پێکهێنەری حکومەت هەریەکەیان سەریان بە شوێنێکەوەیە لە پەیوەندیەکی خراپدان. لەولاشەوە ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمانی

بۆ لاپەڕە 3

# بەنزینەکەی شاسوار!

## موحسن کەریم



ئەو هەنگاوەی شاسوار بۆ فرۆشتنی لیتری بەنزین بە ٥٠٠ دینار، وەکو تەحەدایەک بۆ حزبەکانی حوکمرانی کوردستان کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا نرخی بەنزینیان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزکردەوە، خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. کەسانێک دەستخۆشی لێدەکەن و داوا دەکەن حکومەتیش وەکو شاسوار بکات. کەسانێکیش ڕەخنەی لێدەگرن و وەکو موزایەدەی سیاسی تەماشای دەکەن. شاسوار خۆشی دەڵێت، ئەگەر موزایەدەیە با حزبەکانی دەسەڵاتداریش موزایەدەبکەن و بەنزین هەرزان بکەن! کەسانێکیش بە دروست ڕەخنە لەوە دەگرن کە بە دابەشکردنی چەند هەزار لیترێک و بۆ جارێک هیچ ئاڵوگۆڕێک دروست ناکات و ناتوانێ کاریگەری لەسەر نرخی بەنزین دابنێ لە بازاڕەکانی کوردستاندا و ئەوەی شاسوار دەیکات بەشێک لە کەمپینی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە. هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق نزیک دەبێتەوەو هێزو حزبە سیاسیەکانی بۆرژوازی خۆیان کۆدەکەنەوە تا لەو پرۆسەیەدا بەشی خۆیان لە دەسەلات و داهاتی وولاتدا بەدەست بێنن. بەپێی عادەتیش و لە هەموو دنیادا لە هەموو هەڵبژاردنێکدا هێزو لایەنە بۆرژوازیەکان دەست دەکەن بە کەمپینی هەڵبژاردن و دەبێت بڕێک لە سامان و پارەکانیان بۆ ئەو کەمپینە تەرخان و خەرج بکەن، کە هەندێکجار بەشی زۆری خەرجی کەمپینی هەڵبژاردنەکەیان لەلایەن خاوەن کۆمپانیا و خاوەن سەرمایە گەورەکانەوە دابین دەکرێت بە

بۆ لاپەڕە 2

# ئامانج لە هاوپەیمانیەتی یەکێتی و گۆڕان چییە؟

## عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە 5

# پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتداران تەنها هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە!

## لە پەیوەند بە نەخۆشخانەی هیواوە

بۆ لاپەڕە 7

# چارەنوسی میلیشیا و هێزی چەکداری حزبەکان لەچیدایە؟

## خەسرەو سایە

بۆ لاپەڕە 9

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی.. بەنزینەکەی شاسوار!

تایبەتی لە وولاتانی رۆژاوادا. لە عێراق و کوردستان بەهۆی ئەوەی کە حزبەکانی بۆرژوازی دەسەلاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوە و هەریەکەیان دەستی گرتوە بەسەر بەشێک و گۆشەیەک لە داهاتی وولاتدا بۆیە بە سوود وەرگرتن لەو پێگەیەی هەیانە دەست دەکەن بە تەخشان کردنەوەی پارەو ئیمکانات و ئیمتیازات بەسەر خەڵکدا بۆ کڕینی دەنگەکانیان. دیارە ئەمە لەپاڵ پرۆسەیەکی چەواشەکارانەی سیاسیدا دەبەنە پێشەوە کە هەریەکەیان دەیەوێ سەرجەم تالانچێتی و دزی و گەندەڵیەکان و هەموو خەتاکانی حکومەت بخاتە ئەستۆی ئەوی دیکەو خۆی وەکو فریادڕەسی خەڵک نیشان بدات. تەنانەت ئەو حزب و هێزانەی دیکەی بۆرژوازی کە لەدەرەوەی حکومەتن و گلەییان لە بەشی خۆیان هەیە لە پیگەی دەسەلات و بەدوای ئەویشدا لە بەشداربوون لە تالانکردن و لوشدانی داهاتی گشتیدا، بە ووتاری ئاگرین دەیانەوێ ئەوە بە خەڵک قبوڵ بکەن کە ئەگەر دەنگ بەوان بدەن، ئەوا کۆتایی بە هەموو ئەو تالانی و دزی و ناعەدالەتی و بێمافیانە دەهێنن کە بەهۆی حزبە دەسەلاتدارەکان و حکومەکەتەکەیانەوە تووشی خەڵک هاتوە! بەنزینەکەی شاسواریش بەشێکە لەم پرۆسەی چەواشەکاری و خەرجکردنی پارە بۆ کەمپینی هەڵبژاردن! کەسانێک دەڵێن جا عەیبی چیە، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵێک خەڵک سودیان وەرگرت لەو بەنزینە هەرزانەی شاسوار، با حزبەکانی تریش یاخود حکومەت کاری لەوجۆرە بکەن کە کۆمەڵێک خەڵک سودی پێبگات! بێگومان حزبەکانی دیکەش کاری لەو چەشنە دەکەن! ئیسلامیەکان لەڕێگای خێرو سەدەقەوە دەمێکەیە هەوڵی کڕینی دەنگی خەڵک دەدەن.. یەکێتی و پارتیش لەڕێگای جۆرواجۆرەوە هەوڵ دەدەن دەنگی خەڵک بکڕن و بێگومان کەسانێکیش سودمەند دەبن لەوان. بەڵام ڕەنگە بوترێ ئاخر یەکێتی و پارتی پارەی خەڵکە دزیویانە، بەڵام شاسوار هی خۆیەتی!

گومان لەوەدا نیە کە شاسوار وەکو سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاو پرۆژەی قەبەو گەورەی قازانجهێن بەرهەمی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوریەی کوردستانە کە بەهۆی دەسەلاتی حزبەکانی بۆرژوازی کوردە بۆ چینی بۆرژوازی کورد ڕەخساوە. من باسی ئەو هەموو گومان و پرسیارە ناکەم کە لەسەر سەرمایەکەی و چۆنیەتی دەوڵەمەندبوون و دەسکەوتنی ئەو هەموو ئیمکاناتە و هەروەها پشکەکانی چاقی لاند هەیە..گومان لەوەدا نیە کە هیچ سەرمایەدارێک بە بێ ساختەچێتی و دەستبڕین و چەوساندنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و دەستگرتن بەسەر ڕەنج و ماندووبوونی ئەواندا ناتوانێ سەرمایە کەڵەکە بکات. شاسوار وەکو هەر سەرمایەدارێکی دیکە سامانەکەی بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی خەڵکی دیکەیە. بەڵام بەدەر لەوە، با لەو ئامانجەی سیاسیەوە سەیری مەشهەدەکە بکەین کە شاسوار لەمجۆرە کارانەی بەدواوەیەتی. شاسوار ئەم کارەی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە. تەنانەت ئەگەر موزایەدەی سیاسی نەکات و پارەکەی بەڕەنجی شانی خۆشی پەیداکردبێت هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەویش دەیەوێ دەنگی خەڵک کۆبکاتەوە بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆی وەکو هەر حزبێکی تر دەیکات. شاسواریش وەکو حزبەکانی دیکە دەیەوێ خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە، چونکە وەکو سەرمایەدارێک لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە بەوکارەی ئەو بەنزین لە بازاردا هەرزان نابێت! هەرزان بوونی هەر کالایەک لە پرۆسەی مونافەسەدا دەبێت، نەک دابەشکردنی کالایەک بۆ چەند سەعاتێک یان چەند رۆژێک!

با لەوەش بگەڕێین. بەڵام گرنگترین مەسەلەی سیاسی لەم هەنگاوەی شاسواردا، ڕاکێشانی خەڵکە بۆ ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، هەرئەوەی کە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و حزبە بۆرژواییەکانی دیکە دەیکەن. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی سیاسی و حکومەتی یەخەی بۆرژوازی عێراقی و کوردی گرتووەو پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەلات چ لە عێراق و چ لە کوردستان لە خراپترین ئاستیدایەو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ستەمدیدە و ئازادیخوازی عێراق و کوردستان خوازیاری کۆتایی هاتنن بە دەسەلاتی میلیشایی ئیسلامی-ناسیۆنالیستی لە عێراق وکوردستان.

ئەم هەڵبژاردنەی عێراق، دوای ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دێت کە جەماوەری ناڕازی و ڕاپەڕیوی بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق بە قوربانی زیاتر لە ٦٠٠ کەس و بریندار بوون و پەککەوتنی نزیکەی ٢٠هەزار خۆپیشاندەر حکومەتی عادل عبدالمهدی روخاند و قەیرانی سیاسی و حکومەتی لەعێراقدا قوڵ کردەوە و بۆرژوازی عێراقی لە سەراسیمەدا ڕاگرتوە. لە کوردستانیش خواستی کۆتایی هاتنی دەسەلاتی دوو بنەماڵەی دەسەلاتدارو دەستوپێوەندەکانیان بوەتە خواستی گشتی و چەندیجاریش جەماوەری ناڕازی بەکردەوە هەوڵی بۆداوەو لەپێناویدا قوربانی داوە. هەڵبژاردنی عێراق وکوردستان بۆ بۆرژوازی عێراق و کوردستان و حزبە میلیشایی و بێچەکەکانیان تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە سیاسی و حکومەتیەیەو دوورخستنەوەی جەماوەرە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و داسەپاندنەوەی دەسەلاتی خۆیانە بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژارو برسیکراوی عێراق و ⇦

## درێژەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف!

**عێراق دەکرێت. لەناو ئەم گێژاوەدا پێتانوایە کە بارودۆخی سیاسی کوردستان بەرەو کوێ دەچێت؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ناجێگیری سیاسی و سەرگەردانی هەلومەرجی سیاسی کوردستان بەدوای جەنگی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١وە تائێستا واقعیەتێکی بێ کۆتایی کوردستانی عێراقە، جا بە هەر ئالوگۆڕێکی سیاسی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوی دابێت ئەو ناجێگیریە زیاتر خۆی نیشانداوین.

هەوڵدانی باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا بەسەر جیهان و لەشکرکێشی هێزە سەربازیەکانی لە ناوچەکەدا، هۆکارێکی سەرەکیە لە خولقاندنی ئەو گێژاوە سیاسیە و تێکرمانی بنەمای ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە چەندین ساڵە ئەم ناوچەیەی داگرتووە، لەهەمان کاتدا شکستی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا، دەست ئاواڵەبونی دەخاڵەتی وڵاتانی زلهێزی دنیا، دەورو کاریگەریەکی زیاتری بووە لە سەر قوڵبونەوەی بارگرژی و بونی قەیرانی بەردەوام. واتە بە سادەیی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ٣٠سی ساڵە باردۆخی کوردستان لەلایەک کەوتۆتە ناو چوارچێوەی نەخشەو سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە، لەلایەکی ترەوە کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیاو هەروەها دەخاڵەتی وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا. لە ناو ئەم واقعیەتەدا هێزەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا کە پارتی و یەکێتی و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانین، کوردستانیان بە زۆنی زەردو سەوز دابەشکردووە، بونەتە پاشکۆی ئەو هەلومەرجە، کەبەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان هەوڵیان داوەو هەوڵئەدەن گەورەترین سودمەندبن لە مانەوەی ئەو گێژاوە سیاسیە، هەمیشە دەوریان بووە لە یاری کردن بە چارەنوسی کوردستان و ژیانی خەڵک.

هەڵبەتە ئەو فاکتەرانەی کە لە پرسیارەکانی ئێوەدا دەربارەی دۆخی ئێستا بەرجەستەدەکرێت وەک لە لەشکرکێشی تورکیا و شەڕی پارتی و پەکەکە و قەیرانی سیاسی و ئابوری و ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردن، هەروەها لە هەمان کاتدا نەخشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئێران وجێگاوڕێگای لە حکومەتی عێراقدا، پەیوەندی ئێران لەگەڵ یەکێتی..هتد لەلایەک بەردەوامی هەمان ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەیە، لەلایەکی ترەوە بن بەستی ئەو بارودۆخەیە کە بە پێوانەی گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکان و دەورو مەوقعیەتی وڵاتانی دەخالەتگەری ناوچەکە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە گۆڕان و ناساندنێکی ترە، تا پێداچونەوەیەک لە بەدەست هێنانی بەرژەوەندی و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکەدا بکرێت. واتە بەمانایەکی تر بارودۆخی سیاسی کوردستان کەوتۆتە ناو دوریانی گێژاوی ئاڵوگۆڕێک کە لە ئەگەری هەر پێناسەیەکی تازە بۆ ناوچەکە ئایندەیەکی نادیارو ناڕۆشن بۆ کوردستان چاوەڕێی دەکرێت، ئەم حاڵەتە خودی هێزەسیاسیەکانیش بۆ خۆیان پێشبینی دەکەن و نیگەران و دوودڵن بەوەی لەو بارو دۆخەدا بەرەو ڕوی داڕوخان و هەرەسێک ببنەوە، هەر بۆیە ئەوەی پێیانەوە دیارە زیاتر لە چاوەڕوانیدان لافاوی هەلومەرجەکە بەرەوکوێیان دەبات، کە نەک ڕێگا چارەیەک بۆ دۆخی کوردستان نابیننەوە، بەڵکو لەبەردەم ئایندەی هێزەکانیان و جێگەوڕێگای خۆشیاندا دەستەوسان ماونەتەوەو ڕادەستی قەدەری دەکەن.

## درێژەی.. بەنزینەکەی شاسوار!

کوردستاندا. گەورەترین خزمەت کە شاسوار بە چینەکەی خۆی، واتە بۆرژوازی کورد و بە حکومەتەکەی، واتە حکومەتی هەرێم و بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی دەکات، ئەوەیە کە بەناوی ئۆپۆزیسیۆن و دژایەتیکردنی یەکێتی و پارتی و گوایە گۆڕینی دەسەڵات و بارودۆخی سیاسی و ئابوری لەڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە بە قازانجی خەڵک، دەیەوێ خەڵک ڕابکێشێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و جارێکی دیکە پرۆسەی ریسوای هەڵبژاردن لای خەڵک شیرین و خۆشەویست بکاتەوە کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بەشێکی بەرچاوی خەڵک بایکۆتیان کرد.. شاسوار هەمان ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات کە کاتی خۆی بزوتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا کردی بۆ دەربازکردنی دەسەڵاتی کوردایەتی لەدەست تورەیی و خرۆشانی خەڵک و دوورخستنەوەی شۆڕش! گۆران بە ئیعتباری ڕابەرەکەی ئەو کارەی کرد و لەسەر بنەمای وەهمی خەڵک پێی. شاسوار بە هێزی ئەو پارەیە دەیکات کە بەهۆی ئەو ژینگە ئابوری و سیاسیەی پارتی و یەکێتی بۆیان بۆیان فەراهەم کردوە، دەستی کەوتوە! ئەو کارەی شاسوار دەیکات هەوڵێکی دیکەی بۆرژوازی کوردە بۆ زەربەدان لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێرانەی خەڵک بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی مافیایی بۆرژوازی کورد و کرینەوەی تەمەنیشە بۆ پارتی و یەکێتی!

بەڵام وەکو دەڵێن؛ مێژوو دوجار دوبارە دەبێتەوە! یەکەمجار بەشێوەی تراژیدی و دوەمجار بەشێوەی کۆمیدی!

★

## پاشماوەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف!

هەر بۆیە لە پێناو پەلەقاژێی مانەوەی هیزەکانیان ئامادەن ملی یەکتر بشکێنن و گەورەترین سازشی ڕیسوایی و خزمەتچێتی بۆ بەرژەوەندی وولاتانی تربکەن، شەڕی پارتی و پەکەکەو هێرشی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی و یەکێتی و چۆنیەتی ئامادەبونیان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق و خۆبەستنەوەیان بە حکومەتی عێراقەوە، توندکردنەوەی زیاتری سیاسەتی سەرکوتگەری و پێشێلی زیاتری ئازادی ڕاستی ئەو واقعیەتەمان نیشان ئەدات، تا لەهەر ئاڵوگۆڕێکدا خۆیان لە تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری بپارێزن.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ئەگەر شەڕی نێوان پەکەکەو پارتی ڕوبدات چارەنوسی حکومەتی هەرێم چی دەبێت؟ بارودۆخی ژیان و ئەمنیەتی خەڵک چی بەسەردێت؟ ئایا بەڕای ئێوە ئایندەیەکی مەترسیدار چاوەریی خەڵکی کوردستان ناکات؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** پێم وایە هەموان بەهەرجۆرە دەربڕینێک بێت دان بەوەدا دەنێین، کە لە دنیای واقعی کوردستاندا حکومەتی کوردستان بە تەواوی دامودەزگاکانیەوە، لە بەرامبەر دەورو دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵەو هەردوو حزبدا گەمەیەکی سیاسیەو ناتوانێ پێناسەیەکی پەسەندو باوەڕپێکراوی بۆ حکومەتی کوردستان هەبێت، لەبەرامبەر حکومەتی عێراقیشدا تەنها بۆ سەوداو مامەڵەو وەرگرتنی بودجەیە. حکومەتی کوردستان هیچ شتێکی ڕۆشن و شەفاف و دەسەڵاتی باڵاو پێکهاتەیەکی یەکگرتووی نیە، هەرزۆنێک دەسەڵاتداری خۆی هەیە و پاراستنی هاوسەنگی هێزەکەیان بنەمای بڕیاری هەرسیاسەتێکیانە بەئەگەری ڕودانی هەر کارەساتێکەوە.

هەڵبەتە شەڕی پارتی و پەکەکە بەجیا لەهەر کارەسات و زیانێک بۆ سەر ژیانی خەڵکی، واقعیەتی گاڵتەجاری حکومەتی کوردستانە و لێکترازانی زیاتری هەردوو زۆنی زەردو سەوزو چارەنوس و بەرژەوەندیەکی جیاواز بۆ دەسەڵاتی هەرلایەنێکیان زیاتر دەسەلمێنێت. شەڕ پارتی و پەکەکە ئایندەی هەر هێزێکیان بەرەو کوێ دەبات، بەڵام ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەی کە هەمیشە ئاماژەی پێ ئەدەین قوڵتردەبێتەوە، ئەتوانم بڵێم بەشێک دەبێت لەو ئاڵوگۆڕە سیاسیەی کە پێشبینی هەرەسی پێکهاتەی ئێستای کوردستانی تیا بەدی دەکرێت، هەر بەو مانایەش بارودۆخێکی مەترسیدار بۆ سەر ژیان و ئەمنیەتی خەڵک پێکدەهێنێت. هەر ئێستا لەشکرکێشی تورکیا و بۆردومانەکانی ژیانێکی پڕ مەترسیداری بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی هیزەکانی تورکیایان تیا جێگیر بووەو ئەو ناوچانەی بۆردومان دەکرێن ڕەخساندووە، بە جیا لەوانەش ئەوە ئاشکرایە کە دەرگای سنورەکانی کوردستان زیاتر دەکاتەوە و کردۆتەوە بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی وولاتانی ناوچەکەو لەشکرکێشی سەربازی، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەو شەڕە بەرفروانتر بێت و شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوە، یان کوردستان ببێتە مەیدانی شەڕی وولاتانی ناوچەکەو دۆخەکە دژوارتر و نائەمنتر بێت. بەجیا لەوانەش ئەوەی دەیبینین بۆ بێدەنگ کردنی هەرجۆرە دەنگیکی نارەزایەتیە لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجە ناهەموارەدا، ئازادی سیاسی تەواو سنوردار دەکرێت، بۆیە نابێ قەبوڵی کەین و بهێڵین ئەم شەڕە ڕوبدات، نابێت دەرگای سنورەکانی کوردستا کراوەو ئاوالا بێت بۆ لەشکرکێشی هیچ دەوڵەتێک.

**ئۆکتۆبەر: ئایا لەم هەلومەرجەدا هەڵبژاردن و دەوری حزبەکانی بۆرژوازی کورد چۆن دەبێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت؟ خەڵکی کوردستان چی بکەن بەرامبەر بەم ئەگەرانەی کە ڕوبەروویان دەبێتەوە؟**

**عوسمان حاجی مارف:** ئەوەی ئەگەری هەیە هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت یان بەڕێوەناچێت، ئەوە بەڕێگای خۆی، بەڵکو پێش هەمووشتێک ئەوە گرنگ و پێویستە لەم بارودۆخەی ئێستای عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا، ئاکامی ئەزمونێک لە دەسەڵاتی حزبە میلیشیا ئیسلامی و تائیفی و قەومیەکان کە لە عێراق و کوردستاندا ڕۆڵیان گێڕاوە، پێویستە بە خەباتی جەماوەری و بەردەوامی نارەزایەتی خۆپیشاندانەکانی بەغداو شارەکانی خواروی عێراق هەوڵبدرێت ڕێگە نەدرێت ئەم هەڵبژاردنە سەربگرێت و پێویستە لە بەرامبەریدا ئەلتەرنەتیفی دەسەڵاتی جەماوەری بخرێتە روو.

دەسەڵاتی ئیسلامی و تائیفی و قەومی بەغدا هەڵبژردانیان بۆ بکرێت یان بۆی نەکرێت، بەهیچ جۆرێک شەرعیەتیان نیەو دەبێت کۆتایی بە تەواوی پرۆسەی سیاسیان بهێنرێت، تەواوی ئەو هێزە میلیشیایانە تاوانباری گەورەن لە جێبەجێکردنی کاری تیرۆرستی و خوێن ڕشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی نارازی، بۆیە دەبێت دادگایی بکرێن و زیندانی بکرێن نەک پرۆسەی هەلبژاردن بەرێوە بەرن، بەشداری حزبە کوردیەکانیش لەو هەڵبژاردنەدا مانای شەراکەت بونە لەتەواوی ئەو تاوانە قێزەوەنانەی هێزو حزبەکانی ناو حکومەتی عێراق جێبەجێیان کردووە، خەڵکی کوردستان هاوکاتی ئەوەی دژ بە دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتین و دەیانەوێت دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانانیان کۆتایی بێت، پێویستە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەم هەلبژاردنەدا لایەنگرو پالپشتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی بەغداو شارەکانی خواری عێراق بن و بەشداری و دەوریان هەبێت لە سەرکەوتنی کۆتایی هێنان بە پرۆسەی سیاسی پێکهاتنی حکومەتی ئێستای عێراقدا.

# ئامانج لە هاوپەیمانیەتی یەکێتی و گۆڕان چییە؟



عەبدوڵا مەحمود

یەکیتی نیشتیمانی و بزوتنەوەی گۆڕان دوای ئەوەی ماوەیەک لەوەپێش بەشیوەی نهێنی هاوپەیمانیەتیەکیان پێکهێنا، ٢٠ی ئەم مانگە لە مەراسیمێکی ئاشکرادا ئیمزای ڕیکەوتنامەکەیان کرد. لایەنی دەرەوەو روکەشی ڕیکەوتنامەکەیان بەشدارییی و بەیەکەوەبوونیانە لە هەڵبژاردنەکانی عیٚراقدا. بەڵام دیوی دووەم و لایەنی سەرەکی و شاراوەی ئەم ڕیکەوتن و هاوپەیمانیەتییە، ڕووی لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوێکە لە راستای گۆڕینی باڵانسی هیز و دەرخستنی پیگەی زۆنی سەوز لە هەرێمدا.
یەکیتی و گۆڕان، بەدیاریکراوی سەرکردایەتی بڕیار بەدەستی هەردوولا زوو ڕیکەوتن و پیکهێنانی هاوپەیمانیەتەکەیان زۆر لەلاگرنگ بوو، تا ئەو رادەیەی زۆرێک لە کادرانی باڵای ئەم دووحزبە ئاگاداری کۆبونەوەکان و ئەم ڕیکەوتنە نەبوون تا رۆژی راگەیاندن و ئیمزاکردنی. لەوەش واوەتر بەشیوەیەکی نهێنی و دوور لەچاوی کامیراکان و دەزگاکانی راگەیاندن، کۆبونەوەکانی ئەم ریکەوتنامەکەیان چنیووە، تا لەو رێگایەوە هەژانێک ببەخشنە هیزە نەیارەکانیان و ریزەکانی ناوخۆشیان ڕادەستی ئەو راستیە بکەن کە سەرکردایەتی هەردوولا زۆر نزیک لەیەک و خاوەنی بریاری یەکلاکەرەوەن.
بەشداری یەکیتی و گۆران لە هەڵبژاردنەکانی عیٚراقدا لەچوارچیوەی هاوپەیمانیەتییەک، بە جیا لەوەی تەبایی و یەکریزی هێزە سەرەکیەکانی گۆرپانی زۆنی سەوز دەخاتە ڕوو، هاوکات وەکو سەرەتایەک بۆ رووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتی زۆنی زەردیش خۆی نمایش دەکات.
یەکێتی و گۆران ئەگەر لە ئاستی سەراسەری و لەم هەڵبژاردنانەی عیٚراقدا، بەتایبەتی وەکو یەکەمین هەڵبژاردنی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر، دوای کۆنگرەی یەکێتی، سەرکەوتن بەدەست بهێنن و کورسیەکانیان زیاد بکەن و یان تەنانەت وەکو پیشووش بیهێڵنەوە، سەرکەوتنە بەسەر کۆسپێکی گەورەدا، کە گێرانەوەی ئابڕوی سیاسی لەدەستچووە لە ١٦ ئۆکتۆبەردا و هاوکاتیش هاوبەشی پیکردنی گۆڕانە لەو پرۆسەیەدا، کە پیشتر گۆڕان لەدژی بووە. لەسەر ئاستی کوردستانیشدا گۆران و یەکێتی بەو ڕیکەوتنامەیان دەیانەوێت ڕیگە لە بەفیرۆدانی دەنگەکان لە ململانێی خۆیاندا بگرن و هاوکاتیش جەماوەری زۆنی سەوز لە کێبەرکێی گەرمی هەڵبژاردنی نیوانیان بەدوور بگرن، تا لەو رێگایەوە ئابروویەک بۆ کایەی هەڵبژاردن و دەنگدان بگێرنەوە، کە دەمێکە خەڵکی کوردستان وەکو درۆیەکی گەورەو بێ کاریگەر تەماشای دەکەن.
ئەگەر گۆران و یەکیتی بتوانین بەرگری لە پێگەی پیشویان بکەن و هەمان کورسیەکانی پێشوویان چ لەسەر ئاستی عیراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان بەیەکەوە بەدەست بهێنەوە، واتە ڕیگە لە پێشرەوی پارتی دەگرن تا لە بەرامبەر بەغدادا دەنگی بەرزتر بێت و لە ئاستی هەریمیشدا، تەماحی زیاتر بکات.
بەجیا لەوانە ئەگەر گۆران و یەکێتی پیگەی پیشویان وەدەستبهێنەوە، لە لایەکەوە بەر بەرەوتی دارمانی زیاتریان بۆ ماوەیەک دەگرن و هاوکات وەڵامیکیشە بە پارتی کە تا ئێستا بەشێک لە سەرکردایەتی یەکیتی وەکو خیانەتکار تەماشا دەکەن و هەلومەرجی کەرکوک و ناوچە دابڕینراوەکان و گەرانەوەی سوپای عیراق دەخاتە ئەستۆی گروپی ١٦ ئۆکتۆبەر. بەجیا لەوەی یەکێتی و گۆران چ خوێندنەوەیەکی بۆ پێگەی ئیستایان هەیە، مەسەلەی بردنەوەی هەڵبژاردن لە دەرەوەی سنوری هەرێم هێشتا جەنگێکە لە دەرەوەی گۆرەپانی سیاسی کوردستان، بۆ ئامانجێک کە ناوخۆ و گۆرەپانی سیاسی هەرێم بەگشتی دەکاتە نیشانە. دیارە بردنەوە لەناوخۆی کوردستانیش لە ئاستی فەرمیدا مانای خۆی دەبێت، بە تایبەتی لە پەیوەند بە رای گشتی دنیای دەرەوە.
یەکێتی و گۆڕان، وەکو دووهیزی سەرەکی ناو یەک گۆرەپان و مەیدانی سیاسی، لە ئاستی هەرێمدا لاوازو لە باری بریاری سیاسیەوە بێ کاریگەر و لەرووی هەژموونی جەماوەریەوە روو لەخوار و لە پەیوەند بە وڵاتانی ناوچە روو لەپاشەکشە و لە ئاستی شەرعیەتی نێو دەوڵەتی پاشکۆ و بێ رۆڵن... سەرباری هەموو ئەوانەش لەناو خۆیاندا دەرگیر بە کیشەی ناوخۆیین. هەلوەرینی گۆڕان بەردەوامە، چ بە وازهینانی بەردەوامی کاراکتەرە سیاسیەکانی و چ بە گواستنەوەی سەنگەری هەڵسوڕاو و کەسایەتیە دیارەکانیان بۆ ڕیزەکانی پارتی. یەکیتیش کە دوای کۆنگرە بەڵێنی نوێبوونەوە و سەربەخۆیی بریاری سیاسی و هەرەشەی بەشداری سیاسی لە دەسەڵاتی سەراسەری هەریمدا دەکرد، بووە ⇦

## پاشماوەی.. ئامانج لەهاوپەیمانیەتی یەکێتی و گۆڕان چییە؟

قوربانی بانگەشەی زل و وتاری ئاگرینی بێگڕ و هەرەشەی بێکردەوە و لەوانەش زیاتر لەباری سیاسیەوە لە سەرەگێژەیەکی تەواودایە، کە نەدەزانێت چی دەوێت و نەدەزانێت دەبێ چی بووێت و نە ڕێگا و میکانیزمەکانی لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیشی هەیە. لەبەرامبەردا پارتی وەکو نەیاری سیاسییان لە پێگەیەکی بەهێزتر، فەرمی تر، کاریگەرتر و خاوەن بریار ترە... پارتی هەژموونی خۆی لەهەموو رویەکەوە بەسەر هەرێمدا زاڵ کردوە، لەپەیوەند بە عێراق خاوەنی پرۆژەی خۆیەتی، لەگەڵ وڵاتانی ناوچە مەوقعیەتی لەبەرچاوگیراوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا قورسایی زیاتری هەیە، لە دەزگا بەناو شەرعیەکانی هەرێمدا!! بالادەستە، وەکو پارتێکی سیاسیش لەناوخۆیدا یەکدەستر و سەقامگیر ترە... هەموو ئەمانە جارێکی تر مایەی نیگەرانی هەم یەکێتی و هەم گۆرانن. دیارە هیچ کام لە گۆران و یەکێتیش بەتەنها ناتوانن بەرامبەرکێی پارتی بکەن، بۆیە دەستبردن بۆ هاوکاری و ریکەوتن و هاوپەیمانیەتیەک کە سنوری دەسەڵاتی پارتی دیاری بکات، و ڕیگا لە پرۆژەکانی پارتی بگرێت، بەتایبەت لە زۆنی سەوزدا، کارێکە کە پایەکانی ئەم هاوپەیمانیەتی و ڕیکەوتنەی دارشتووە. بەڵام گۆران و یەکێتی بەم هاوپەیمانیتیەیان لەگەڵ ئەوەدا بە رووکەش تایبەتە بە هەڵبژاردنەکان و لە بنەرەتدا رووی لە هەریمی کوردستانە بە ئاراستەی گۆرینی بالانسی هیز بە قازانجی زۆنی سەوز لەبەرامبەر زۆنی زەردا، بەڵام لەلایەکەوە ململانێی یەکێتی و گۆران لەژیر سایەی دەسەڵاتی یەکیتیدا، شانس بە بەردەوامی ئەو ڕیکەوتن و هاوپەیمانیەتییە نادات و لەلایەکی تریشەوە هەر پرۆژەیەکی هاوبەشی یەکێتی و گۆران، بەتایبەتیش یەکێتی، ئەگەر لەسەر بنەمای نیشاندانی جیاوازییەکی بنەرەتی لەشیوازێکی تەندروستی حکومرانی، بەرینکردنەوەی ئازادییەکان و زامنکردنی مافەکان و ئەلگۆیەکی مەدەنی حکومڕانی نەبێت لە زۆنی سەوزدا بە شوینیک ناگات، لەبەرامبەر بەغداشدا ئەگەر خاوەنی پرۆژەی رۆشنی خۆی نەبێت، کە تەواوکەری دەسەڵاتدارێتیەکی تەندروستی ناوخۆیی بێت، دیسان بە شوینیک ناگات و ڕیگاکانی بن بەستن.

یەکێتی و گۆران، بەجیا لە ململانیی نیوانیان لەسەر یەک گۆرەپانی سیاسی لەسەر دەسەڵات، کیشەی سەرەکیان ئەوەیە نە خاوەنی ئەلگۆیەکی جیا لە دەسەڵاتی پارتین و نە هەڵگری پرۆژەیەکن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و مەودای ئازادیە و ماف و خزمەتگوزارییەکان، و ریزگرتن لە یاساکان، بەرینتر بکاتەوە و بە پرۆژەو جۆری حکومڕانییەوە بچیتە بچنە جەنگی پارتی بۆ گۆرینی بالانسی هیز.

بۆیە ئەم هاوپەیمانیەتی و ڕیکەوتنەشیان، شانسی تەمەن درێژی نییەو ناتوانێت ببێە سەرەتای خەونی یەکیتی و گۆڕان و ئەو ئامانجەی بەدوایەوەن. خەڵکی کوردستانیش بەگشتی و جەماوەری زۆنی سەوز بەتایبەتی نابێت هیچ خۆشباوەریەکیان بەم هاوپەیمانیەتی و ڕیکەوتنەی نێوانیان هەبێت.

★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نورەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئیوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بیکاری و ستەمەگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕیکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوینی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەیەنە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!

# کرێکاران تەنها بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان دەتوانن دۆخی کار و باری ژیانیان باش بکەن !

# پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتداران تەنها هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە!

## لە پەیوەند بە نەخۆشخانەی هیواوە



**جەمال موحسین**

سەرئەنجام ئەمجارە بڕیاری داخستن یان بەتایبەتیکردنی نەخۆشخانەی هیوا، کە لە ئێستادا تاکە هیوای نەخۆشانی شێرپەنجە و کەسوکاریانە، لەژێر فشاری خەباتی کرێکاران و کارمەندانی نەخۆشخانەکە و جەماوەری بێبەش و ئازادیخوازدا پاشەکشەی پێکرا. ئەمە سەرکەوتنێکی باش و هەنگاوێکی گرنگە لە خەبات و ململانێی چینایەتیدا و پێویستە ئەزمونێکی لێوەرگرین. بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوی سەرەتایە و شۆرکردنەوەی ئەم سەرکەوتنە تا دڵنیایی تەواوەتی هەنگاوی فراوانترمان لێ ئەخوازێ. بەتایبەتی کە هیچ زەمانەتێک نییە دەسەڵاتداران بە پلانێکی تر و هەوڵدانێکی ترەوە لەدژی نەخۆشخانەی هیوا نایەنەوە مەیدانەوە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چۆن ئەتوانرێ زەمانەتی مانەوە و لەسەرپێ وەستانی نەخۆشخانەی هیوا بکرێ و بەر بەو پیلان و هێرشانە بگیرێت کە دەسەڵاتداران بۆ داخستن و بەتایبەتیکردنی ئەم نەخۆشخانەیە دەیگرنەبەر؟

سەرەتا نابێ کرێکاران و کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشخانەی هیوا، پشتی لێبکەنەوە و پێیان وابێت کە ئەم پاشەکشەیەی دەسەڵاتداران هەموو شتێکە و ئیتر نەخۆشخانەکە لە مەترسی داخستن و بەتایبەتیکردن ڕزگاری بووە، بەڵکو دەبێ ئەوان ئەو هاوپشتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانیان گەرم ڕابگرن و بە سازدانی کۆبوونەوەی گشتی مونەزەمی سەرجەم کرێکاران و کارمەندان و پزیشکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان، بەئاگایی و هوشیاریەوە لە دۆخەکە بڕوانن و ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوە بە هەر هەوڵێکی تازەی دەسەڵاتداران.

دووەم مەسەلە ئەبێ کرێکاران و کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشانەی هیوا ئەو ڕاستیە بزانن کە لەنێو فەزای سیاسی و دۆخی ئابوری ئێستای کورستان و سیاسەتێکدا کە حکومەت بەناوی چاکسازیەوە گرتویەتیەبەر، مەسەلەی بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزاریەکان، لەوانەش کەرتی تەندروستی، بۆتە هەنگاوێکی زەروری بۆ داشکانەوەی باری ئەو قەیرانەی دەرگیری بووە.

لەم پەیوەندەدا ئەگەر تەماشایەکی دابینکردنی کارەبا و ئاو، پاکوخاوێنی و خزمەتگوزاریەکانی تری شارەوانی، هەتا خوێندن و قوتابخانەکان بکەین ئەو ڕاستیە دەرک پێ ئەکەین کە دەسەڵات نەک هەرگیز باکی بەوە نەبووە ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش بکات و برەویان پێ بدات، بگرە هەمیشە بەرەو وێرانیی بردوون. ئەو دەسەڵاتە نەک هەر ئەو کارەی نەکردووە و نایکات تەنانەت لەبەرامبەر کار و ڕەنجێکدا کە کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان ئەیدەن موچە و کرێکەشیانی خواردووە و زوڵمی لە خێزان و منداڵەکانیان کردووە. کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی ئابوری و ئیداریەوە وەک کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری و بەشێک لە بازاڕی جیهانی سەرمایەداری بەخێراییەکی بێوێنەوە و بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریەکانی نیولیبراڵیزم و بڕیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیەوە. لە ئێستادا ئەمجۆرە لە فەوزا و بێسەرەوبەرەیی پێویستە کە سەرئەنجام هەر کۆمەک بە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە بۆ چینی بۆرژوزی کورد ئەکات.

هەر خودی ئەم بەربەرەڵاییە بەشێکە لە شێوازی بەڕێوەبردنی نیولیبراڵی کە جگە لە سەپاندنی قەرز بەسەر وڵات و کۆمەڵگەکاندا، فرۆشتنی هەرچی نەخۆشخانە و قوتابخانە و خزمەتگوزاری هەیە بە سەرمایەدارانی گەورە و کۆمپانیاکانیان لە خۆئەگرێت. لە کوردستاندا ئەمە لەوەش زیاتر لە گەورە بەرپرسانی حزبی و بنەماڵەکاندا قەتیس کراوەتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی جیهانیترە و بۆرژوازی جیهانیش هەوڵ ئەدات کوردستان وەک حەوزەیەکی کاری هەرزان پێوەی پەیوەست بکاتەوە. بۆیە مەسەلەی داخستن و بەتایبەتیکردنی نەخۆشخانەکان وەهەر بوارێکی تری خزمەتگوزاری، لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا هەنگاو و بڕیارێکی جێگیرە و ئەوەی کە ئەم هەنگاو و بڕیارە ڕائەگرێ تەنها ڕاوەستاوی چینی کرێکار و کارمەندان و زەحمەتکێشانی کوردستان و خەباتە یەکگرتوو و هاوبەشەکەیانە. خەبات و تێکۆشانێک کە زەمینە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەردوو مۆدێلەکەی خاوەنداریتی (واتە هەم خاوەنداریتی تایبەتی کۆمپانیاکان و هەم خاوەنداریتی دەوڵەتی) هەڵبوەشێنێتەوە و بە گشتی بکات. ئەمە بەو مانایەی ببێتە

## پاشماوەی .. پاشەکشەکردن بەدەسەڵاتداران تەنها هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە!

موڵکی هەمووان لە کاتێکدا کە هەمووانیش کارکردووانی کۆمەڵگە بن. ئیتر بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی هەر دامودەزگایەکیش لەبەردەستی هەمووواندا ئەبێت. داوودەرمان و چارەسەری نەخۆشی و خوێندن و ... هتد بە خۆڕایی لەبەردەمی کۆمەڵگەدا ئەبن.

وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن و بە چ شێوازێک لەبەرامبەر داخستن و بەتایبەتیکردنی نەخۆشخانەکە سەرکەوتووانە ڕاوەستین تەنها ئەوەیە کە ئیدارەیەکی شورایی بۆ بە بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە گەرەنتی بکەین. ئەم بەڕێوەبردنە ڕاستەوخۆ لەلایەن کرێکاران و کارمەندان و پزیشکانەوە لە دەستئەگیرێت. هەر لە ئێستاوە ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی مونەزەم کۆبوونەوەی گشتی بکەن و جگە لە دەوری مەسەلەکانی کە دێتە بەردەمیان پرس و ڕا و بڕیاری پێویست و کەسانی بۆ بەڕێوەبردنەکەی بۆ هەڵببژێرن، ڕاستەوخۆ هەموو مەسەلە و کاروبارەکانی نەخۆشخانەکەش خۆیان لە دەستی بگرن و لە جنگی دەسەڵاتدار ڕزگاری بکەن.

ئەزمونێکی گرنگ کە پێویستە لە مەسەلەی داکۆکیکردن لە نەخۆشخانەی هیوادا وەریبگرین ئەوەیە کە ئەکرێ و ئەتوانرێ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی نەخۆشخانەکە لە دەستی چەتەکانی دەسەڵات دەربهێنرێ. سەیرکەن، ئەمە لە چ دۆخێکی کوردستاندا ڕووئەدات. بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی لە قەیرانێکی سەراپاگیردا پەلئەکوتێ، قەیرانی ئابوری و دەسەڵاتداریێتی و حکومەتی و هەتا کۆمەڵایەتی و مۆراڵیش. هێشتا لەم کاتی قەیرانەشیدا هێرشی زیاتر بۆ سەر سفرە و هەست و دەرونی خەڵکی زەحمەتکێش ئەکات کە هەژاری و نەخۆشی و نەبوونی بڕستی لێبڕیون. هێرشی پێچەوانە لێرەوە دەستپێئەکات، لەم ئەزمونەدا لە نەخۆشخانەی هیواوە، ئەویش بەوەی کە لە هەوڵی کۆنترۆڵ و سەرپەرشتیکردنی نەخۆشخانەکەدا بین لەلایەن نوێنەرانی کرێکاران و کارمەندان و دکتۆرەکانەوە. ئەمان ئەیانتوانی و هەر ئێستاش ئەتوانن ئیدارەی شورایی بۆ نەخۆشخانەکە پێکبهێنن. لە کاتێکدا دەسەڵات باکی بە نەخۆشکەوتن و مردنی نەخۆشانی شێرپەنجە نییە و دەرمان و پێداویستیەکانی نەخۆشخانەکە ئەبڕێ، کرێکاران و کارمەندان و خەڵکی بێبەش بە یەکەوە و وەک یەک بەرەی خەبات پێشی پێئەگرێ. کەواتە کێ خاوەنی ئەسڵی نەخۆشخانەکەیە؟ خەڵک، نەک چینی کەمینەی دەسەڵات. ڕێگەکەی هەر ئەوەیە کە دکتۆر و کرێکار و کارمەندانی نەخۆشخانەی هیوا بە پشتیوانی خەڵک و کەسوکاری نەخۆشەکان دەرفەت لە دامەزراندنی ئیدارەیەکی وا بهێنن. هەرچی کۆمەک و پشتیوانی دارایی و دەرمان و چارەسەر هەیە بکەوێتە دەست ئەم ئیدارەیەی کرێکاران و کارمەندانی نەخۆشخانەکە. بێگومان بەمجۆرە ئەتوانرێ دەسەڵاتیش تا کاتێک بە تەواوەتی وەلانەنراوە ناچار بکرێ کۆمەکی زیاتر بە خەستەخانەکە بکات. هەموو ئەو ئیمکاناتانە لە پێناو چارەسەری نەخۆشان و هەتا کاروباری ئیداری و موچە و دەرماڵە و... پێداویستیەکانی تری بەڕێوەبردنیدا بەکاربهێنرێ. ئەوە ئیدارەیەکی هەڵبژێردراوی لەمجۆرەیە کە گەرەنتی بەردەوامی و باشتر بەڕێوەبردنی ئەم نەخۆشخانەیە ئەکات کە خزمەتگوزاریەکی مەزنە دژ بە نەخۆشی شێرپەنجە نەک تەنها خەڵک سلێمانی و کوردستان سوودی لێوەرئەگرن، لە هەموو عێراقیشەوە نەخۆشی بۆ دێت. کەواتە دامێنەی پشتیوانیەکە ئەتوانرێ پەلبکێشێ بۆ تەواوی عێراق و کرێکاران و کارمەندان و دکتۆران و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی عێراقیش ببنە بەشێک لە بەردەوامیدان بەم خەبات و شێوازی بەڕێوەبردنە. لە ئێستادا کە بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵات هەیە، ئیمکانی دەستبردن بۆ ئەم جۆرە کارە هەیە و پێویستە دەستی پێ بکەین.

ئێمە ئەزمونی کرێکارانی شەکری هەفت تەپەی ئێرانمان هەیە کە شورای خۆیان پێکهێناوە بۆ بەڕێوەبردنی کارگەکە. ئەوان چونکە خۆیان بە ئیرادەی خۆیان دەستیان داوەتە ئەم کارە و لە پشتیوانی جەماوەریش بەهرەمەندن، هەرچی هەوڵی سەرکوت و زیندانی کردنی ڕابەران و هەوڵی بەلاڕێدابردنی کۆماری ئیسلامی هەیە نەیتوانیوە پێشیان پێبگرێت. ئەزمونی خەبات و سووربوونی دکتۆر و کارمەند و کرێکارانی نەخۆشخانەی هیوا و پشتیوانیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی کە لێی کرا، زەمینەی ئەوەی داوەتە دەستمان کە دەست بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی شورایی ببەین. پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە دەسەڵات لە لایەک پاشەکشەی کردووە لە ئێستادا، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەر لایە و ئەیەوێت خۆی بە دڵسۆزی نەخۆشخانەکە و نەخۆشانی شێرپەنجە و کەسوکاریان نیشان بدات و گوایە ڕێگە بە بەتایبەتیکردنی نادەن لە کاتێکدا خەڵک درۆی ئەوان وەک ڕۆژی ڕوناک ئەبینێ و هاوکاتیش دەرکی ئەوە ئەکات کە پێکهاتەکانی دەسەڵات ساڵەهایە چ بەڵا و شێرپەنجەیەک بوون بۆ گیانی کۆمەڵگە!

★

**بنەمای سۆشیالیزم ئینسانە!**
**بەبێ پەیامی سۆشیالیزم، بەبێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بەبێ "مەترسی" سۆشیالیزم دنیا دەبێت بە چ زەلکاوێک!**

# چارەنوسی میلیشیا و هێزی چەکداری حزبەکان لەچیدایە؟



خەسرەو سایە

ڕوداوەکەی سەرچنار لەگەڵ ئەوەدا شەپۆلێک لەنەفرەت و تورەیی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، هاوکات پرسی چارەنوسی میلیشیا وهێزی چەکداری حزبە دەسەڵاتدارەکانی کردە گفتۆگۆیەکی گەرمی چەند ڕۆژی ڕابردووی میدیاکانی کوردستان. پرسیاری سەرەکی لەم گفتوگۆیەدا، کەچەند بیروڕاو ڕێگاچارەی جیاوازی هێنایە ئاراوە، ئەوە بوو کە دەڵێت: "دەبێ چی بکرێ بۆ دەستکۆتاکردنی هێزی میلیشیاو چەکداری حزبەکان لەسەر ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵک و چۆن چارەنوسی ئەم هێزانە بەقازانجی هێنانەکایەوەی حکومەت و سیستەمێکی مەدەنی لەکوردستاندا یەکلابکرێتەوە؟".

یەکێک لەو بۆچون و ڕێگاچارانە،" سەروەری یاسا" و ملکەچ پێکردنی حزبەکانە بەیاساکانی هەرێم ودادگایی کردنی هەر هێزو لایەنێک کەسەرپێچیان لێدەکات. بۆچونێکی تر کە پێیوایە مانەوەی میلشیا و هێزی چەکدار لەدەستی حزبەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ لەسەرکاربوونی "حکومەتێکی حزبی" و ئەگەر حکومەت لەحزب جیا بکرێتەوە، ئەوکات میلیشیا وهێزە چەکدارەکانیان ئەو ڕۆڵەی نامێنێت کەئێستا هەیەتی. بۆچونێکی تر پێیوایە ئەحزابی چەکدار حزبی مەدەنی نین و بۆئەوەی لەچەک داماڵرێن دەبێ بەمەدەنی بکرێن.. لەمانەش زیاتر ئەو بۆچونەش هاتە ئاراوە کە باس لەنەبونی هێزی چەکداری نیشتمانی دەکات و دروستکردنی سوپای یەکگرتووی نیشتمانی بەڕێگای دەسکۆتاکردنی حزبەکان لەمیلیشیاو هێزی چەکدار دەزانێ، تەنانەت ئەم بۆچونە تائەو ڕادەیە دەڕوات کە چاو ببڕێ لە هەوڵەکانی ئەمریکاو ئەوروپا بۆ یەکخستنی هێزەکانی ٧٠ و٨٠ی یەکیەتی و پارتی و تەسلیمکردنی بەوەزارەتی پێشمەرگە، ئەمەش وەک ڕێگایەک بۆ داماڵینی حزبەکان لە هێزی چەکدارو هەنگاونان بەرەو پێکهاتنی سوپای نیشتمانی...

ئەگەرچی ئەم بۆچونانە گۆشەیەک لەهەقیقەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا بەیان بکەن، بەڵام گرفتی سەرەکی و هاوبەشی هەمویان لەوەدایە کە لەوەهمی چاکسازیەوە لەم حزبانەو حکومەتەکەیان دەڕوانن و لێرەشەوە هەم خەسلەتی ئەم حزبانە، وەک ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، لە مێژووی سەرهەڵدان و شکلگرتنیان دادەبڕێ وهەم باز بەسەر ئەو دۆخەشدا دەدات کە چۆن حکومەت و دەسەلاتی حزبی لەهەرێمی کوردستان داسەپێندرا. دۆخێک کە باڵادەستی میلیشیاو هێزی چەکداری حزبی وەک پێداویستیەکی چینایەتی بۆ بۆرژوازی کورد، خستە سەرو سیاسەتەوە، تا حزبەکان بەهۆیەوە لەدەورانی "ئەحزابی یاخی لەڕژێمەوە" بەرەو گرتنی دەسەڵات و ئەحزابی حاکم هەڵکشێن. کەوایە بۆچون و ڕێگای واقعی لەبەردەم خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا چیە و چۆن چارەنوسی هێزی میلێشیاو حکومەتی ئەحزابی چەکدار یەکلادەبێتەوە؟

سەرەتا دەبێ پەنجە لەسەر ئەو ڕاستیە دابنێین کە حزبەکان و هێزی چەکداری حزبی کە ئەمڕۆ لەدەسەڵاتدان، هەرگیز بەرهەمی کاری قانونی و دیموکراسی بەمانا بۆرژوازیەکەی نین و لەڕەوتی کێشمەکێشە سیاسیەکانی نێو کۆمەڵگایەکی نۆرماڵدا، سەریان هەڵنەداوە تا ئەگەر مولزەم بکرێن بەیاسا دەست لەچەکەکانیان هەڵگرن و لێرەشەوە ڕۆڵی میلیشیا بەسەر کۆمەڵگاو ژیانی هاوڵاتیانەوە نەمێنێ وکۆنترۆڵ بکرێت!!. تەنانەت ئەم حزبانە وەک ئەوەی لەسەر زەمینەی جوڵانەوەیەکی مەدەنی و لەدرێژەی خەباتێکی مەدەنی شاریدا دروست نەبوون، نەک هەر "مەدنی بوونەوە"یان، بەواتای دەستبەرداربوونی چەکەکانیان، کارێکی موستەحیلە، بگرە دۆخی ئاڵوز و ناجێگیری سیاسی کوردستان و ناوچەکە، بەپێویست چەکی کردۆتە مانەوەو وجودی ئەم حزبانەو دەسەڵاتەکەیان.

تا ئەو جێگەیەی بەجیاکردنەوەی "حزب لەحکومەت" دەگەڕێتەوە، دەبێ فەشەل و بنبەستی ستراتیژی و هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفاو بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چاکسازی "چ لەناوخۆی حزبدا و چ لەناوحکومەتدا" بخەینە بەرچاوی خۆمان، تاببینین کەچۆن ئەحزاب گەلێکی چەکداری وەک پارتی و یەکیەتی، نە بە ئامۆژگاری چاکسازیخوازان خۆیان لەحکومەت جیادەکەنەوەو چەکەکانیان تەسلیم دەکەن، وە نە لەڕێگای دیموکراسی و سندوقەکانی دەنگدانەوە دەسەڵات تەسلیم بەئەحزابێکی بێچەک دەکەن. بەتایبەتی کە ئەحزابی دەسەڵاتداری ئێستا بون و مانەوەی خۆیان، بەبونی میلیشیاو هێزی چەکداریانەوە گرێداوەتەوە و لەوە گەیشتون کە هەرجۆرە

⇦

## دریژەی .. چارەنوسی میلیشیا و هێزی چەکداری حزبەکان لەچیدایە؟

چاکسازیەک کە ببێتە مایەی لێسەندنەوەی ئەم تواناو قابیلیەتە، وەک ئەوە وایە جامێک لەزەهر بنۆشن. لەکەنار ئەم ڕاستیانەوە، مەسەلەی هەوڵەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، زیاتر گەمەیەکی سیاسیە تائەوەی "هێزی چەکداری یەکگرتووی نیشتمانی" زامن بکات. گەمەیەک کە یەکیتی و پارتی بۆ بەدەستهێنانی ئیمکاناتی مادی و عەسکەری دەرەکی وهێشتنەوەی پشتیوانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا، بۆی کەوتونەتە هێنانوبردنەوە. ئەگینا کێ هەیە ئەوە نەزانێت کە ئەم دوو حزبە لەسەر هەمووشتێک ناکۆکن و هەر یەکەشیان زۆنێکی داگیرکردوە و حساب بۆئەوی تر ناکات، ئیتر چۆن وا بەئاسانی هێزەکانیان یەکدەخەن وتەسلیمی وەزارەتی پێشمەرگەی بکەن کە نازانن سبەی ئەم وەزارەتە لەلای کام حزب دەبێ!

لەڕاستیدا دیاردەی میلیشیا وحزبی چەکداری ئەمڕۆی کوردستان، وەک ئەوەی کۆرپەی باوەشی جوڵانەوەی کوردایەتی وجۆرێک لەناسیونالیزمە، کە مێژووەکەی شتێکی زیاتر نییە لەدەسبردن بۆ چەکە و خەباتی چەکداری، بەم جۆرەش چەک و چەکپەرستی بەشیکی جیانەکراوەی وجودو بونیەتی. تانەنات تا ئەو ئاستەش پیرۆزی کردوە کە"چەک شەرەف" بێت بۆی. ئەم جوڵانەوەیە کە لەبنەڕەتە جوڵانەوەیەکە لەشاخەوە ولەدەرەوەی شارەکانەوە، بەدوای یاخی بوونی لەڕژێم، دەست پێدەکات، ئەحزاب گەلێک لەباوەش دەگرێ کەسەراپا ئاوێزانە لەگەڵ چەکدا، وەک ئەوەی بەچەکەوە لەکۆشی دایکیانەوە داکەوتبن. تەنها فاکتۆر و مەسەلەیەک کە مەوجودیەتی جوڵانەوەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی پاساو دابێت، بوونی ستەمێکی نەتەوەیی بووە کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپێندراوە. کاتێکیش حزبەکانی ئەم جوڵانەوەیە باس لە ڕەسەنایەتی و کوردبوون دەکەن، سەر لە یاخیبونی سەرۆک عەشیرەت و دەربەگ و مەلاو شێخەکان، دەردێنن و ئەمانە بەدەستکەوت و مێژووی خۆیان وەردەگرن. باوەڕەکانی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی سەرچاوە لەئاینی ئیسلام وشیعری شاعیران و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوی کۆمەڵگای پێش سەرمایەداری وەردەگرێ. لەسیاسەتدا پشتکردن لەهێزی سەربەخۆی خەڵک، جەنگ و مفاوەزە لەپێناو وەرگرتنی ئیمتیازاتدا، خۆگرێدانەوە بە دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە جیهانیەکانەوە و ناساندنیان بە"دۆستی کورد".. ئەمانە بنەما سەرەکیەکانی هەڵسوکەوتە سیاسیەکانی ئەم حزبانە پێکدەهێنێ. لەبواری دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەم جوڵانەوەیەو حزبەکانی هیچ بەدیل و ستاندرادێکیان پێ نیەو لەسەر میرات و پاشماوە ئیداری و حوکمڕانیەکانی حکومەتی بەعس، دەسەڵاتیان ڕاگرتووە.. لەیەک وتەدا جوڵانەوەی کوردایەتی و حزبەکانی هەڵگری کەمترین ئاست لەبەهاکانی مەدەنیەت و پێشکەوتنخوازی و و پێشڕەوی کۆمەڵایەتی نین، بگرە هەژمونی ئەم جوڵانەوەیەو حزبەکانی بەسەر بیروهۆشی خەڵکی کوردستان و ژیانیاندا، بەربەستێکی سەرەکیە لەسەر ڕێگای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەئاقاری خۆشگوزەرانی و بەرینبوونەوەی ئازادیەکان و مەدەنیەتی کۆمەڵگا.. بێگومان ئەحزاب گەلێکی ئاوا بەم خەسڵەتانەوە کەباسمان کرد نە بەمەدەنی دەکرێن و نە لەڕێگای قانونیەوە و نە لەپڕۆسەی چاکسازیدا دەتوانرێ لەچەک دادەماڵرێن.

لەمەش زیاتر پڕۆسەی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم حزبانە وحکومەتێک کە بەناوی "حکومەتی هەرێم" وە دایان مەزراند، لەئەنجامی جەنگ و داگیرکاری وبەپشتیوانی و حزوری میلیتاریستی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، سەری هەڵدا، کەچەک ڕۆکنێکی سەرەکیە بۆ لەسەرکار مانەوەی. دواتریش دۆخی نائارامی ناوچەکەو گێژاوێکی سیاسی کە لە ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوە، ئەویش لەدەورەیەکدا کە عێراق و کوردستان و گشت ناوچەکە لە نارۆشنی و بێ ئاسۆیی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و ئەمنی و سیستەمەکانی حوکمڕانی .. چەقیوە، سەرهەڵدانی نمونەیەک لەحکومەت ئەتوانێ چ شتێکی زیاتر بێت لەحکومەتی ئەحزابی چەکدار. حکومەتێک کە بەهێزی میلیێشیا و چەکدرای حزبی، ببێتە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کوردو سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان. ئەم دەوروزەمانە کە دونیا لەگەڵ کاپیتاڵیزم و دیموکراسی جیهانی سەردەمی نیولیبرالیزم و پۆستمۆدێرنیزم دەستەویەخە بێت و هیچ شتێکیش لەوە ئاساییتر نەبێت کە نمونەکانی دەسەڵاتە میلیێشیایی و سیستەمە نامەدەنی و خێلەکی و دەمارگیرە ئاینی و نەتەوەییەکانی وەک تاڵبان وحەماس وحزبوڵا، لەخۆیدا قەبوڵ بکات، ئەوا بەدڵنیایەوە حکومەتە حزبیەکەی هەرێم و لەسەرکاربوونی ئەحزابێکی میلیشیایی وەک یەکیەتی و پارتیش جێگای دەبێتەوە. بەبێ ئەوەی مولزەم بکرین بە هیچ پێوانەیەکی مەدەنی و بەقانون و ڕای گشتی هاوڵاتیانەوەیە. بەڵکو تەنها مەرج بۆ مانەوەی ئەمجۆرە دەسەڵاتانە، ڕاوەستانیانە لەپاڵ سیاسەت و ستراتیژی هێزە جیهانی و ئیقلیمیەکانداو ڕۆڵگێڕانیانە وەک پارێزەرانی بازاڕو زامنکردنی ئارامی لەبەردەم سەرمایە وکۆمپانیاکاندا.

لەم قسانەی سەرەوە ئەو هەقیقەتە بەئەنجام دەگرین کە ئەو دەسەڵات و حزبانەی لەسەر بنەمای هیزی چەکدار و میلیشیا خۆیان ڕاگرتووە، چاکسازی هەڵنەگرن و

## پاشماوەی .. چارەنوسی میلیشیا و هێزی چەکداری حزبەکان لەچیدایە؟

داماڵینیان لەچەک تەنها بەوەلانانی خۆیان و سەراپای ئەو دەسەڵات و سیستەمە، مەیسەر دەبێت کە لەگەڵ میلیشیا وهێزی چەکدارادا ئاوێزان و تێکەڵە. کارێکی ئاواش لەگرەوی ڕاپەڕین و هاتنەمەیدانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری و چینایەتیەوە بەسەرەنجام دەگات کە لەدژی ناسیونالیزمی کوردو هەموو حزبەکانی پێی نابێتەمەیدانەوە. جولانەوەیەک کە حاکمیەتی جەماوەری ڕاپەڕیو دەخاتە جێگای دەسەڵاتی حزبە چەکدارەکانی ئیستا ولەڕێگای شوراکان و ئەنجومەنە جەماوەریەکانەوە، هەم مەدەنیەت بۆ سیستەم و دەسەڵات دەگەڕێنیتەوە و هەم ئەرکی پاراستنی ئارامی کۆمەلایەتی و ئازادیەکان و زامنکردنی خۆشگوزەرانی بۆهەموان لەئەستۆدەگری.

بەڵام ئەگەر ڕووداوەکەی سەرچنار بەرینە نێو چوارچێوەی دۆخی قەیرانگرتووی دەسەڵات و ئەو بنبەستە ئابوری و سیاسیەی کە ناسیونالیزم و حزبەکانی گیرۆدەی بوون و لەڕیزی ڕووداوەکانی تاوان وکوشتن، دزی و ساختەکاری، بەرشەقدانی پزیشک و سەیدەلانی و خاوەن چێشتخانە، تا ڕوداوەکانی کوشتنی ژنان و سزادانی هەڵسوڕاوانی سیاسی .. دایبنێین، ئەوا بەو ڕاستیە دەگەین کە پایەکانی ئەم دەسەڵاتە لەرزیوەو ڕیزی ناوخۆی حزبەکان و نێوانی ئەحزابی دەسەڵاتدار، درزی تێکەوتووە و توانای بەڕیوەبردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵگایان وەک جاران نەماوە، دۆخێکی ئاواش هەرچی زیاتر جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ناڕازی کوردستان بانگەواز دەکات بۆ هاتنەمەیدانی هێزی شۆڕشگێرانەی خۆیان لەیەک ڕاپەڕین و جولانەوەی شۆڕشگێرانەدا، کەسەرەنجام کۆمەڵگای کوردستان لەناسیونالیزم وحزبە چەکدارەکان و دەسەڵاتی پشتبەستویان بە هێزی میلیشیایی، پاک بکاتەوە.

٢٤/٦/٢٠٢١

★

### ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

## سەبارەت بە سزادانی ئومێد بەرۆشکی و زیندانیەکانی بادینان نامەیەکی کراوەی ئاڕاستەی ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و ڕیکخراوە ئینساندۆست و پیشکەوتنخوازەکان کرد!

لەدرێژەی کەمپەینی ریکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ داکۆکی لەئازادی لەکوردستان دژ بە بڕیاری سزادانی ئومید بەرۆشکی وسەرجەم گیراوەکانی بادینان، کە لەبەرواری ٢٣/٦/٢٠٢١ دادگای تەمیز لە دهۆک سزای زینداکردنی بۆماوەی ١٤مانگ و غرامەی ٢٤٠ هەزار دیناری بەسەر رۆژنامەنووس ئومێد بەرۆشکیدا سەپاند. ڕیکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان نامەیەکی کراوەی ئاڕاستەی ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال ودەیان ڕیکخراوی کریکاری و ئەحزابی چەپ کۆمۆنیست وئەندام پەرلەمانەکانی ئەوروپا کرد.

لەنامەکەدا دەڵێت" لە کاتێکدا ئێمە بەتوندی ئیدانەی سزای ناڕەوای ئومید بەرۆشکی و تەواوی زیندانیەکانی بادینان دەکەین، داوا لە ئیوە دەکەین کە بەئەرکی راگەیەنراوی خۆتان لە بەرگری لە مافەکانی ئینسان و ئازادی هەلسورانی سیاسی و کاری رۆژنامەنووسیدا، هەڵبسن و لە ریگای کەناڵەکانی خۆتانەوە، بە شیوەی ئاشکرا ئیدانەی ئەم رەفتارەو سزا نارەوایانەی پارتی بکەن و گوشاریان بخەنە سەر تا بریاری سزادانی ئومیدو سەرجەم زیندانیەکانی تری بادینان... هەڵبوەشیتەوە و ئازاد بکرین، و هاوکات قەرەبووی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە... "

★

**دابینکردنی دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکی خۆرایی بۆ هاولاتیان، ئەرکی حکومەتە!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕیکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەماڵ
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!